بەرپرسێکی جەپەپە هەڕەشە لە دەم پارتی کوردی دەکات

بورجو کەکسال، بەرپرسی پارتی کەماریی گەل (جەپەپە) بە سەرکایەتیی شاروانی ئافینکاراهیسار رایگەیاند، ئەگەر ببێتە سەرکی شاروانی لەگەڵ دەم پارتی و هودا پار کار ناکات.

بورجو کەکسال، لە کۆنگرێیەکی رۆژنامەوانیدا وتی: ئەگەر بووم بە سەرکی شاروانی دەرگای شاروانی بەووی هەموو کەسکدا کە تورکیای خۆشبوێت و داکۆکی لە یەکپارچەیی بکات، کراوەیە جا ئیتر لە هەر نژاد، مەزهەب و بیر و باوەرێک بێت.

وتیشی: "ئەگەر ببمە سەرک شاروانی لەگەڵ پارتی دەم و هودا پاردا کار ناکەم".

کەکسال پیشتریش رایگەیاندبوو، لە ئەگەری هەبژاردنی وەک سەرکی شاروانی ئافینکاراهیسار، جگە لە پارتی دەم، دەرگای شاروانی بەووی هەموو پارتە سیاسیەکاندا دەکاتەوە.

گوتەکانی کەکسال کاردانەوەی لەکەوتبووەوە و ئەکرەم ئیمام ئێغلو، بەرپرسی جەپەپە بە سەرکی شاروانی ئیستانبوڵ گوتەکانی کەکسالی بە توندی رەتکردبووەوە و رایگەیاند، "ئەو بەرپرێ یان ئیشک بە خەی دەدەزێتەوە یان هی پارتەکی دیکە".